# فضل الصحابة وحقوقهم

## فه زل و مافی هاوه لان

الشيخ هيثم سرحان

شه يخ هه يسه م سه رحان

مافی چاپکردن و بلاوکردنه
وه ریگه بندراوه بو هه
موو موسلمانیک

اللغة الكردية

زمانی کوردی

## فەزڵ و مافی هاوەڵان

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٠٠ ﴾ التوبة: ١٠٠ }. واتە: پێشەنگە سەرەتاكان لە كۆچكەرەكان و پشتیوانان , وە ئەوانەیش كە لە دوای ئەوان هاتوونەو شوێنیان كەوتوونە بە چاكە , خوای گەورە لێیان ڕازی بووە , وە ئەوانیش بەو نیعمەت و فەزڵەی خوای گەورە پێی بەخشیوون ڕازین , وە خوای گەورە باخ و باخاتی لە بەهەشتدا بۆ ئامادە كردوون كە جۆگەلە ئاو بەژێر دارەكان و ماڵەكانیاندا ئەڕوات و بەنەمری و بەهەمیشەیی تیایدا ئەمێننەوە , ئا ئەمە بردنەوەی هەرە گەورەیە )).

هاوەڵان باشترین كەسی ئەم ئوممەتەن و دڵپاكترینیانن و فراوانترین زانستیان هەبووە و كەمترین تەكەلوفیان هەبووە لەسەر دەوروبەریان، ئەوان لە هەموو كەس شارەزاتربوونە لە مەبەستی خوای گەورە لە كتێبەكەیدا و مەبەستی پێغەمبەرەكەی لە سوننەتەكەیدا، و مۆفەقترین كەس بوونە كار بە قورئان و سوننەت بكەن و تەواوترین ئامۆژگاریان هەبووە و لەهەموو كەس دوورتربوونە لە بیدعە و ئارەزووەوە.

و لە مافی ئەوان بەسەرمانەوە دان پیانانە بەو فەزڵەی ئەوان كە بە ڕاست و دروستی هاتووە و خۆشویستنیان بە دڵ و داوای ڕازی بوونی خوایان بۆ بكەین بە زمان، لەبەر ئەوەی ئەوان پێش هەمووان بوونەتە مسوڵمان و لەبەر ئەو هەموو چاكەی كردوویانە. وەرگرتنی دین لەوانەوە و چاولێكردنیان بە جوانی. لەگەڵ سەلامەت بوونی دڵەكان لە ڕق لێبوون و بوغزاندنی هەریەكێك لەوان. باوەڕت وابێت كەوا جوێندان و نەفرەت لێكردنیان یەكێكە لە توندترین حەرامكراوەكان. چونكە لەوەدا پێچەوانەی ئەوەیە كە لە قورئاندا هاتووە لە تەزكیە و ستایشكردنی ئەوان و بەڵێنی چاكە بەوان. هەروەها بێ ئەدەبی نواندنی تێدایە بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) كە فەرمانی پێ كردووین ئەوانمان خۆش بوێت و نەهی لێ كردووین جوێنیان پێ بدەین. فەرموویەتی: ((جوێن بە هاوەڵانی من مەدەن، سوێند بە ئەو كەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر یەكێكتان پڕ شاخی ئوحود ئاڵتوون ببەخشێت ئەوا ناگاتە گوێلێكی ئەوان یان نیو گوێل) وازهێنان لە باسكردنی ئەو ناكۆكیەی لە نێوانیاندا ڕوویدا و باوەڕمان وابێت كە ئەوان موجتەهیدن و پاداشتیان هەیە. ئەوەی پێكاویەتی لەوان دوو پاداشتی هەیە و ئەوەی نەیپێكاوە یەك پاداشتی هەیە، و هەڵەكەش خوا لێی خۆش دەبێت لەبەر ئیجتیهادەكەی.

وریا بوون لە بڵاوکردنەوەی هەرچی هەڵەیەک دەدرێتە پاڵیان. چونکە بە گشتی درۆیە و دروستکراوە و ئەوەشی لەوانەوە سەلمێنراوە ئەوا لە دەریای چاکەکەیاندا بزر دەبێت.

باوەڕمان وابێت کە لە ناو یەکدا فەزڵ و چاکەیان جیاوازە و هەموویان خاوەن فەزڵن.

جا باشترینیان چوار خەلیفەکەیە ئەمجار ئەو دە کەسەی موژدەی بەهەشتیان پێ دراوە. ئەمجار ئەوانەی بەشداری جەنگی بەدریان کردووە و ئەمجار ئەوانەی بەیعەتی ڕزوانیان داوە، ئا بەو شێوەیە.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ لَا يَسْتَوِي مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ ۚ أُولَٰئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ الَّذِينَ أَنفَقُوا مِن بَعْدُ وَقَاتَلُوا ۚ وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١٠﴾ ﴾ الحديد: ١٠ }. واتە : لە پێش سوڵحی (حودەیبیە)، یاخود لە پێش فەتحی مەککەدا ئەوەی کە لە پێناو خوای گەورەدا ماڵی خۆی بەخشیوەو لە پێناو خوای گەورەدا کوشتاری کردووە وەک ئەو کەسانە نین کە لە دوای فەتحی مەککەوە کوشتاریان کردووەو بەخشیویانە، ئەوانەی لە پێش فەتحی مەککە بەخشیویانەو کوشتاریان کردووە ئەوانە ئەجرو پاداشتیان یەکجار گەورەترە لەو کەسانەی کە لە دوای فەتحی مەککەدا بەخشیویانەو کوشتاریان کردووە لە پێناو خوای گەورە ، بەڵام خوای گەورە بەڵێنی بەهەشتی بەهەردوولایان داوە هەر چەندە پلەیشیان جیاوازە ، وە خوای گەورە زۆر زانیاری وردی هەیە سەبارەت بە کردەوەکانی ئێوە وە هیچ شتێک لە خوای گەورە ناشاردرێتەوە)

دوعاکردن بۆیان و داوای ڕەحمەت و لێخۆش بوون بۆیان. وەکو کارکردن بەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿ وَالَّذِينَ جَاءُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٠﴾ ﴾ الحشر: ١٠ }. واتە : وە ئەوانەیشی کە لە دوای موهاجیرو ئەنصارەوە هاتوونەو شوێن ئەوان دەکەون تا ڕۆژی قیامەت , ئەڵێن: خوایە لە ئێمەو لەو برایانەشمان خۆشبە کە بە ئیمانەوە پێش ئێمە کەوتوون، واتە : صەحابەو هەموو باوەڕدارانی تر، خوایە هیچ ڕق و کینەو حەسوودییەک مەخەرە دڵمانەوە بەرامبەر ئەو صەحابەو باوەڕدارانە، وە بەرامبەر سەرجەم موسڵمانان , خوایە تۆ زۆر بە ڕەئفەت و بە سۆزو بەزەیی و میهرەبانی).